Dr.Saleh Ebrahimi

# مولانا خالید شارەزوری نەخشبەندی

هەرکەسیٚ فەرهەنگ و زانین بە دەس بێنیٚ
رەحمەت و بەرەکەت بە سەر خوێدا دەبارێنی (شەپۆل)

نوسەر: محەمەد صالح ئیبراهیمی (شەپۆل)

Dr.Saleh Ebrahimi

لاپەرەی کتێب وەک شاپەرەکە روّحـی ئێـمە
بوّلای نورو روناکی دەخاتە هەلّفرین: ویـّلتیـّر.

ناسنامەی کتێب : □

**مولانا خالد**

□ ـ مەولانا خالد نەخشبەندی شارەزوری

□ ـ نوسراوی دوکتور محەمەد صالح ئیبراهیمی (شەپوّل) ئوستادی دانشگـاه مـذاهب ئیسلامی دانشگای تاران.

□ چاپی یەکەم ئوکتوبری ۲۰۰۴ ی زاینی

□ جەلّدی شەشەم.

□ پیت‌چنی مؤئەسەسەی نقش چلیپا خانم طاهیرە شامانیان ـ تاران

هەرکاتێ دەچمە پەرلانە خەفەتمە؛ کـە تـەمەن، چـەن
کورتە، بوّکەلّک وەرگرتن لەو سفرە رەنگینە (شەپوّل).

Dr.Saleh Ebrahimi



## شاره‌زوری: مه‌ولاناخالید

مه‌ولانا خالید مورشیدێکی کامڵ، خواناسێکی بێ لف، که ئێستایش ٢٠٠٩ ز - ریبازی نه‌قشبه‌ندی به ناوی ئه‌و زاته له دنیا ناوداره و ماوه، زۆر حازر جواب کوڕگه‌رم، خودان به‌ره‌که‌ت، به نفوز، خاوه‌ن بیرو هۆش، ته‌رده ست، له تیفه گۆ، قسه‌زان زمان، پاراو، ئێسک سوک خوێن شیر ین، ره‌زا سوک به هونه‌رو شاعیرێکی لاهوتی بووه.

یه کێک له مریدانی، قه‌صیده‌یه کی، زۆر غه‌را و شێوای، له ستایشی، مه‌ولانا خالیده‌وه،گوتووه، ئه‌مه‌ش، دو شیعریه‌تی:

(اُمید است که بَخْت دشمنت بر گردد    مُلک دو جهان، تُرا میّسر گردد
تو سایه‌ی رحمت این بسی عَجَب است    کز سایهٔ جهان چنین منوّر است)

زانایان و زمان پاراوانی، شام و نیشتمانه کانی تری جیهانی ئیسلامه‌تی چه‌نده‌ها ستایشنامه‌یان، له بابه‌ت فه‌ضل وکه‌ماڵ و ئاکار و خوّی چاک و دین و دانایی و زانایی، ئه‌وزانا مه‌زنه کورده، خواناسه،گه‌وره‌یه نوسیوه و شین نامه‌یه کی، فره زۆریش، له بابه‌ت مه‌رگی ئه‌و که‌له میّره،گوتراوه و رێسرا وه‌و بادراوه‌وگشته ک گشته ک کرژ له، سه‌ریه ک که‌ڵه که کراوه‌و، باقه باقه‌و ده‌سته ده‌سته له چاپ دراوه، یه ک له‌وانه، زانای ناودار به‌:(سه‌یید محه‌مه‌د،کوڕی عابیدین)ه،که په‌راوه‌ی: (الادارة الْجَزْئية)ی له شین و کوته‌ڵگیرانی مه‌ولانا خالیدا نوسیوه‌و زانای پڕ عیلم (مه‌لا عه‌بدوللاّ بێتواتی) راوه‌تی کردوه‌و له ١٣٤٧ی مانگیدا، له چاپ دراوه.

له به‌رکوڵی دیوانی شیعری ئه‌ده‌ب (میصباح الدیوان) دا نوسراوه شیعره کانی مه‌ولانا خالید له (خارق‌العاده) کانی چاکتروگرینگ‌تره و دیوانی شیعری مه‌ولانا له ئێران چاپ کراوه.

عه‌للاّمه داودی به ننایش شینی بۆ مه‌ولاناگێراوه‌و په‌راوه یه کی له ستایشی مه‌ولانا دا

Dr.Saleh Ebrahimi



نوسیوە. لە کتێبی (التّعریف)دا نوسراوی عەللآمە مەلا محەمەد قزلجی موفتی ئەعزەمی بەغا ئاوا نوسراوە: مەولانا خالید لە زمانی کورد و پارسی و عەرەبی دا خێوی قەصیدە و پەراوەیەکی فرەس و دیوانی شیعری وی لە (آستانە)دا بە فرمانی پاتشای وەخت لە چاپ دراوە.

لە پەند دادان و قسە پاراوەکانی، وا وەدەر ئەکەوێ کە پلەو پایەی مەولانا لە سەعدی (لری) و حافزی شیرازی نزمتر نەبو ەو ئەمەش ویێەی شیعری پارسی مەولانا خالید:

نـــدارد هـــیچ‌کس یـــاری مـــن هـــمایون فـــر
خُـجَسْتَه طَـلْعَت، و فَـرّخْ رُخْ و مٰـاه سَـعیداختر
صــــنوبرفامتی آهـــونگاهی کـــبک رفـــتاری
ســمن بــوی، قـمر روی مـلک خـوی پـری‌پیکر
جبین مهری پـری چـهری سـتمکاری دل ئـازادی
شـهی سـرکش تـبی سـرخـوش‌نگارینش مـه انـور
بطلعت خور به سیما مه به مو سنبل به خـط سبزه
دهـن فـندق لبـان بسـته زبـان طـوطی سـخن‌شکر
خـجل ازگـردن و روی و لبت مـوی و قـدا ویـند
صـــراحـــی نـــاب صـهبا و عـنبر و عـرعر...
برفت از سـحر چشـم، و عشـوه، و نـاز و نگـاه او
خرد از سر، روان از تن، شکـیب از دل، دل از بـر
ز یــاد روی آتش‌ســان و خـالی عـنبرینش هست
دمم دود، و نـفس آتش، تـنم عـود و دلم مـجمر
زجـور هــجر و رنـج پـیچ و تـاب دلِ ریش دارم
به سر خاک و به چشم آب و بلب باد و بدل اخگر

Dr.Saleh Ebrahimi



مەولانا خالید نەقشبەندی کە خۆی بنیات دانەر و مورشیدی ڕیگای نەخشبەندی یە، لە ولاّتی تورکیا و عیراق و ئیران و کوردستان و مەڵبەندی شارەزور و سلێمانیدا مریدو پەیرەوانێ زاف فرەی هەبووەو نازناوی (ضِیاءَالّدین)ی پێدراوە. مەولانا خالید کوڕی ئەحمەدکوڕی حوسەین و لە تیرەی پیرمیکائیلی جافەو لە (١١٩٣ی مانگیدا چاوی بە ژیان هەڵێناوە.

لەگۆڤاری گەلاوێژ چاپی ساڵی ١٩٤٣ی مەسیحی و مێژوی خولاسەی کورد و کوردستان پەڕەی ٣٦٥ بەرگی یەکەم نوسراوی زانای ناودار ئەمین زەکی وەزیری ئابوری و ئەندامی مەجلیسی ئەعیانی بەروی عیراق ئاوەها نوسراوە: مەولانا خالید لە ١١٩٧ی مانگی و ١٧٨٣ ی مەسیحی ی لەگوندی (قەرەداغ) لە دایک بووە و لەعەشیرەی پیر میکائیلە، کە تیرەیەکن، لەجاف و ناودار بە میکائیلی یا میکائیلییەن.

لە بابەت ساڵی لە دایک بووی حەزرەتی مەولانا خالیدی شارەزوری و وەفاتی ئەو زاتە جیاوازی بیرو را هەیە. خەیرە بوونی دینزە رەکلی لە ئەعلامەدا نوسیویەتی: لە (١١٩٠ - ١٢٤٢ی مانگی و ١٧٧٦ و ١٨٢٧ی زاینی لە دایک بووە و وەفاتی کردوە و رەوزولئە زهەر ٣٥ دەنوسێ: مەولانا خالید لە هۆزی میکایلی و لە عەشرەتی جافەو لە ١١٩٧ی مانگی لە دایک بووەو رەوزە تولبەشەر ٨٠ دەڵێ: لە ١١٩٣ی مانگی لە دایک بووە و فیهرس من مەهاریس ١ : ٢٧٧ دەنوسێ مەولانا خالید بن حەسەن نەقشبەندی کوردی شارە زوری بە ئەبو زیا ناو دارە و شێخ ئەسعەد صاحێب خزمی نێزیکی مەولانا خالید لە بوغیە تولواجید، ساڵی ١١٩٣ی مانگی بۆ نوسیوە و مونتە خەباتی تەواریخ - ی دیمەشق، دەنوسێ لە ساڵی ١١٩٣ی مانگی لە دایک بووە و تاریخی سلێمانی ٢٢٥ دەڵێ: خالید بن حوسێن لە ساڵی ١١٩٣ی مانگی لە دایک بووە و لە ریحلەی ریچدا کە لە ١٨٢٠ ز - لە عێراق بووە، لە بە شی ١، پەرەی ٩٨ دەنوسێ لە ولاّتانی عەرەبی و تورکیە و شارە کوردنشینە کاندا زیاتر لە ١٢٠٠٠ مریدی

Dr.Saleh Ebrahimi



هەبووە و لە ٢٥ تەشرینی ١ ساڵی ١٨٢٠ ز ـ و موحەرەمی ١٢٣٦ ی مانگی سەرلە بەیانی بۆجاری سێوەم دەچێتەوە بەغا و شێخ عەبدوڵڵا هیرەوی لە سلێمانی لە سەرخانەقای خۆی دایناوە. ـ کوردەکان مەولانا خالیدیان لە شێخ عەبدولقادرگەیلانی کوردی لای کرماشان، کە لە ئەعزەمیەی بەغا نێژراوە، بەگەوترو موبارەکتر زانیوە و مەحمود پاشای بابان، عادەتی وا بووە، لە بەردەم مەولانا خالید، بە پێوە راوەستاوە، بە نەقڵ لە پەرەی ٢٩٤ی ئەعلامی زەرەکلی بەرگی ٢ چاپی ٦ بێروت ساڵی ١٩٨٤ز ـ

**حەزرەتی مەولانا خالید شارەزوری کوردایەتی:** کردوە و بەفێرگەی نەقشبەندی پەرەی داوە و یەکیەتی و وەحدەتی لە نیوٚنەتەوەی نەجیب و شەریفی کورد، بە دیهێناوە و بە دڵ و یستویەتی لە رێگای وەحدەتی گەلی کورد و فێرگەی نەخشبەندی یەوە، دەوڵەتی سەر بە خۆی کوردی لە کوردستانی گەورە، ساز بدا، بەڵام دژو دوژمنانی کورد، بە تایبەت گزیکارانی ئینگلیس و روس، خەڵکیان لە بنەوە، بە دژی ئەوزاتە، هەڵخراندوە.

**خوێندنی قوتبولعاریفین (ضِیاءَالدّین) مەولانا خالید:** مەولانا خالید ـ لە سەرەتاوە لای باوکی، لای سەید (عبدالکریم)ی بەرزنجی و براکەی سەید (عبدالرحیم) ولای مەلا صالح ترەماری و زانایانیتری کوردستان خەریکی خوێندنی زانست و زانیاری و مەعارفی ئیسلامەتی و علیمی حیکمەت و کەلام بووە. بەکورتی بڵێن: ئەو جۆرە عیلمانەی وا لەو سەردەمەدا باوبون خویندویەتی و لە دوایی دا چووەتە شاری سنە: (سنەدژ) لای سەروکی زانایان: شێخ (محمد قەسیم) سنەیی کورد و لای ئەم زانا هۆزانە پایە بەرزە، پایاننامەی زانیاری و علومی ئیسلامەتی و ئیجازە نامە ی ئیفتا و ئیجتیهاد لە فقهە و ئوصولی ئیمامی شافیعی دا وەر ئەگرێ.

لە پاشان ئەچێتەوە شاری سلێمانی و خەریکی تەدریس و ئیفتا و رێنوێنی و

Dr.Saleh Ebrahimi



تیگەیاندنی نەتەوە کوردەکەی خوّی ئەبیّ.

لە سالّی ١٢٢٠ی مانگیدا بوّ حەجّ کردن لە ڕیگای موسلّ و شامەوە بەرەو (مەکّە) ئەڕوا، بەلاّم لە شام لای (شیّخ مصطفی) کوڕی محەمەد کوردی و شیّخ (محەمەد کەزبەری) لائەداو هەندیّ مەبەستگەلی (عِلْمُ الْحَدیث و عِلْمُ الْقُرآن) ئە پرسیّتەوە. مەولانا دوای حەجّ کردن بەرەو شاری سلیّمانی ئەگەریّتەوە و لەوکاتەدا (میرزا رەحیم الله). ناودار بە (دەرویش محەمەد) ئەچیّتە سلیّمانی و لەگەلّ مەولانا خالیدا قسە ئەکا و مەولانا هان ئەدا بڕواتە لای شا (عَبْدُالله) دەهلەوی هیّندوستان وکەوتەریّ.

مەلا (موحسین) لە بەرگی ٣ و ٦ی گوّفاری گەلاویژی سالّی ١٩٤٢ی مەسیحی‌دا نوسیویەتی: کاتیّ مەولانا ڕیّگای هیّندوستانی کەوتەبەر لە کوردستانەوە، لە سەرە تاوە چووەتە شاری سنەو لە ویّوە چووەتە هەمەدان و تاران. مەولانا لە تاران لەگەلّ شیّخ سمایلی کاشی‌دا دیدار و مونازەرەیەکی عیلمی توند دەس پیّ ئەکا و سەرئەنجام شیخ سمایلی کاشی بوّڕ ئەدا و ئەم مەبەستەی لە قەسیدەیەکدا ڕایگەیاندوە، ئەمەش سەرەتای ئەو قەسیدەیە:

کملت مسافة کعبة الآمـال حمد المن قدمن بالاکمال

لە تارانەوە بەخەرقان و بستام و سەمنان و نەیشابور و توسا، ئەچیّتە شاری مەشهەد و **مەولانا خالید لە مەشهەدیشەوە:** ئەچیّتە قەندەهار و غەزنەین و لەویّ ئەکەویّتە بیرو یادی نیشتمان و بە قەصیدە یەکی زوّر خوشیک و پاراو، گڕی دەرونی خوّی سەبارەت بە خوّشەویستی زیّدی خوّی کوردستان دەرئەبڕیّ و لەسەرەتاوە ئەبیّژیّ:

شیعر

خالداگرنیستی دیوانـە و صـحرا نـورد توکجا وکابل و غزنین و خاک قندهار

ئەم شیعرە نیشتمان خوّشەویستی وکوردایەتی کردنی حەزرەتی مەولانا خالید شارەزوّری فرەجوان نیشان دەداو لە پاشان مەولانا خالید ئەڕوا تا ئەگاتە دهلی، جهان

Dr.Saleh Ebrahimi



آباد، لەو ماوەی وا لە هیندوستانا لای شا (عَبْدُالله) دەهلەوی بووە، میژو نوسان بیروڕای جیا جیایان نوسیوە، هەندێ نوسیویانە سالێك ماوەتەوە، هەندێ‌تر ماوەیەکی کەمتریان نوسیوە.

ئەلێن: مەولانا زۆر بەرێ و جێ دەستورەکانی مورشیدی خۆی ئەنجام داوەو لە پاشان ئیجازەی ئیرشاد و رینۆینی وەرگرتووەو بەرەو دیاری یاران: کوردستان گەراوەتەوە و چوەتە شاری سنەو خەریکی بلاوکردنەوەی رچەو ریگای نەخشی بووە، تا مامۆستا زانا ناودارەکەی خۆی مەلا: (شێخ محەمەد قەسیم سنەیی) ئەچێتە ناو تەریقەی نەخشبەندی، ئەوسا مەولانا ئەگەریتەوە شاری سلێمانی.

نوکتە: من «شەپۆل» لە باوکم کە ئەویش لە باوکی حاجی خەلیفە مەلا محەمەد بالە قولۆیی: (بەها) ئەمین خوروری شێخ عوبەیدیلا نەهری شاهی شەمزین لە راپەرینی سالی ١٨٨٠ زاینی، ئەویش لە خولە فاو مریدانی مەولانای بیستبوە کە مەولانا لە سەر بانگهێشتنی خەلکی موکریان هاتۆتە گوندی تیکان تەپەی بەگزادان و بۆکان و ئەو ناوە، تەنامەت خەلکی جێگای دانیشتنی مەولانا خالید لە مزگەوتی تیکان تەپەدا دیار کردوەو هێمانیش ئەو جێگایە دەزانن. ئەشێ بزانین ئەم مزگەوتە لە لایەن فەیزولابەگی (عبدالکریم) بەگی بەگزادانەوە، بۆ (عەللامە مەلا سەعیدی گەورە) سازدراوە. ئەم مەلا سەعیدە باپیرەگەورەی (شەپۆل) نوسەری ئەم دێرانەیە. ئەم مەلا سەعیدە لە سالی ١٢٦٩ی مانگیدا لەگوندی تیکان تەپە مودەریس بووەو لە ١٢٩٠ی مانگیدا مردوە. بروانە گۆڤاری گرشەی کوردستان ژمارەی ۴ و ۵ ی سالی ١٣٦٠ی هەتاوی و ریکەوتی ١٩٨١ی مەسیحی). خاوەن ئیمتیاز و سەر نووسری گرشەی کوردستان (شەپۆل) ـ ە کە ژمارەی ئەوەلی لە ١/ ٣/ ١٩٨١ ز ـ لە تاران بە زمانی شیرینی کوردی لە چاپ دراوە.

مەولانا خالید لە پاشان لە سلێمانیەوە ئەڕواتە (بەغا) بۆ ماوەی پێنج سال لە تەکیەی

Dr.Saleh Ebrahimi



قادری ئەمێنێتەوە و ئەوسا ئەگەرێتەوە سلێمانی و خەریکی ئیرشادو ڕێ نیشاندانی خەڵك ئەبێ و خەڵکێ زۆر ئەبنە مەنسوب و مریدی و حەشیمەتێ زۆر لە مەولانادە ئاڵێن. ناوی تەقوا وپیاو چاکی مەولانا دنیاتەژێ ئەکا، کەچی پەیرەوانی ڕچەی قادری بەمە رقیان دەجوێ و زۆر بۆ مەولانا دەهێنن و ناچاری دەکەن لە ١٢٢٨ی مانگیدا بگەرێتەوە بەغا و لە فێرگەی (ئیحسائیە)دا دانیشێ. کاتێ داود پاتشا ئەمەی زانی فەرمانی دا، بویان ئاووگڵ کردو ناویان نا (تەکیەی خالیدیە) و بووە ناوەندی ئیرشادی، مەولانا خالیدو حەشیمەتێ زۆر لە پیاو مەقولان و پیاو مەزان و زانایان و دانایانی بەغا، بە ژن و ئافرەتیشەوە یەکێ لەو ئافرەتانە سەییدە فاتمەی کچی مەولانا خالید بووە کە لە زانایی و کارزانی و دانایی لە عەجایبی دنیای خۆی بووە. چونە ناو تەریقەی نەخشی و بونە مریدی مەولانا، پاش ماوەیەك ئەمیری بابانی (مەحمود پاتشاکوڕی) (عبد الرّحمن) پاتشای بەبە ئەچێتە بەغاو چاوی بە مەولانا ئەکەوێ و تکای لێ دەکا تا بگەرێتەوە سلێمانی و جێگای لەوێ بۆ ساز ئەکاو مەولاناش لەوێ خەریکی خوا دوزی و ڕێنوێتیو ئیرشاد وکوردایەتی کردن. ئەبێ و خەڵکێ زۆری تێ دەموروکێ، ئەمتێ موروکانە، دوبارە ئەبێتە هۆی تورەوگرژو قەڵس بونەوەی ئەونەی تری بەرەی تەریقەتی قادری و تەنانەت هەر لە هەمان کاتیشا مەحمود پاتشا لەگەڵ حوکومەتی بەغا تێك ئەچێ و لە نفوزی مەولاناش زۆر سەخت دڵ تەنگ و نیگەران بووە، بە تایبەت لە رقەبەرایەتی و ملە بە ملانێ کردنی دەسەو تاقمی: (نەخشی و قادری) کە مەولانایان بە هۆی بادی هەوایی و دڕدونگی و دژی ئەو تاقمانە داناوە، ئەو هەمووە ڕێزو خۆشەویستی یەی وا لە لایان بەغاوە بۆ مەولانا دەسی داوە، هۆی نیگەرانی مەحمود پاتشای بابانی پێك هێناوە، کاتێ مەولانا لەو را ماوەو سلێمانی بۆ ژیان لاناوەو بارگەی بەتەنیا بەرەو بەغا تێك ناوەو لە تەکیەی خالیدیە لە بەغا داگیر ساوەو شێخ (عبداللە) هیرەوی خەلیفەی خۆی لە خانەقای سلێمانی لە جێگای خۆی داناوە.

Dr.Saleh Ebrahimi



مەولانا یەکێتر لە خولەفای خۆی بە ناوی (شێخ ئەحمەد ئەردەوێلی یا هەولیری) بەرەو شام ئەنێرێ و پێی ئەسپێرێ تەنانەت بچێتە دیمەشقیش لەو سەرودەمەیدا سەید (تاها ـ ی شەمزینان نەهری) دێتە لای مەولانا و لە ناو چیاو تورکیادا ئەبێتە خەلێفەی مەولانا خالید «دیارەبنە ماڵەی ساداتی نەهری، لە مەلیک غازی شێخ عوبەیدیلا نەهری شاهی شەمزین و سەیید عەبدولقادر ناودار بە عەوسیسانی و سەیید ئەحمەد و سەیید تاهای دوەم و حاجی سەیید عەبدوللاگەیلانیزادە و دوکتور عەزیزی کوری ناودار هەمو کوردایەتیان کردوە. ئەوە خۆی باش نیشان دەدا کە مەولانا خالید کوردایەتی کردوە و شێخ (عوسمانی تەویلەش) ئیجازەی خەلافەت وەر ئەگرێ لەو هەستان و بزوتنەوەدا مەحمود پاتشای بابان دوای چەن وت و ویژێک لەگەڵ حوکومەتی بەغادا لە مەولانای تکاکرد تا بگەرێتەوە سلێمانی بەڵام مەولانا وای بەباش زانیوە بچێتە شام ئەوەبو لە ١٣٢٨ی مانگی و ٨٢٢ی مەسیحی چووەتە شام و هەمو بیرو هزری خۆی بۆ بلاوکردنی تەریقەتی نەخشی بەکار ئەهێناو هەر لەو کۆچەدا بووکە چووە زیارەتی (بَیْتَ الْمقدس) و (مسجد الاقصی).

مەولانا خالید لە شەوی هەینی ١٤ی زی قەعیدە لە ١٢٤٢ی مانگی و رێکەوتی ساڵی ١٨٢٦ی مەسیحی لە نێوان (مەغریب و عیشا) لە سوڵگەی نەخۆشی تا عونەوە مردوە و چاوی لێک ناوەو و لە صالحییەی شام نێژواوە بە بیژەی (مَغْرِبْ) بە حیساوی ئەبجەد مادە تاریخی مردنی بۆدائراوە.

لە ساڵی ١٢٥٨ی مانگی و ١٨٤٢ی مەسیحی بە فەرمانی سوڵتان (عبدالحمید) خان گومەزو بارەگای لە سەر چاکراوەو مەو قوفەو بەراتْ، بۆ زیارەتکاران و کرێکارو کلفەتی ئەوێ لەبەر چاوگیراوە. نەجیب پاتشای والی شامیش ئەو بارەگایەی دوبارە ماڵە سواخ داوە.

**بەیانی پلەو پایەی زانستو زانیاری** و خۆناسی وکەسایەتی مەزنی مەولانا خالدی

Dr.Saleh Ebrahimi



شارەزوری لەم وتارە بەرتەسکەدا ناگونجێ. تکایە بۆ زانینی پایەی زانیاری و فەزڵ و کەماڵ و زمان پاراوی و بلیمەتی و دانیش و بینشی مەولانا بڕوانە ئەم کتێبانە:

١ ـ (الشیّخ مەعروفی النودیهی) بە عرەبی.

٢ ـ موفتی زەهاوی بە زوانی کوردی نوسراوی عەللامە هۆزانی مەزن قازی محەمەدی خاڵ چاپی بەغا.

٣ ـ (ئەصفی الموارد، فی سلسال ئەحوال ئیمام خالید) نوسراوی شێخ وەسمان کوڕی: (سند الوائیلی النجدی) ئەمەش چەند شیعر لەم کتێبە:

أیا منزل الاكراد بورکت منزلا لنا فیه اقمار المعارف تشرق

سعدت فما اصبحت الا حدیقة بها زهر التحقیق بالدرس مورق

تائەڵێ:

ولکـــنهم قـوم کـرام فـصبهم سعید و ان بالبعد و الصد ذوقوا.

پەڕەی ٢٠٦ ـ واتای شیعرەکان، یانی ئەیماڵ وجێ و شوێنی کوردان ئەو نیشتمانە جوان و ڕەنگین و پڕبەرەکەتەتان لێ موبارەک بێ ئێمەباش دەزانین لە نێو نەتەوەی کوردا مرۆڤی فرە زاناو پڕ ئەقڵ و تەدبیر و ئازاو دڵسۆز و سەخی و دڵاوا و دڵگوشا و دڵ لاوێن هەبووە و هەیە کە دنیایان پڕ کردوە، لە عیلم و هەر وەکو ڕۆژ دنیایان بە نوری مەعریفەتی خۆیان ڕۆشن و روناک کردوتەوە ئارامگا و گڵکۆی زانا و خوا ناسی مەزنی کورد و جیهانی ئیسلامەتی: (مەولانا خالید) لە (حەیول ئەکراد) ی ـ شاری دیمەشق دایە.

۴ ـ (الفیض الوارد علی مرثیة مەولانا خالید نوسراوی موفەسیری مەزن ئەبو سەنا سەید مەحمود آلوس کە لە ١٢٧٨ی مانگی لە چاپخانەی (الكستلیه) چاپ کراوە.

۵ ـ (ئەلمجەد التالد فی مەناقب مەولانا خالید) نوسراوی عەللامە ئیبراهیم فەصیح حەیدەری بەغایی کەلە ١٢٩٢ی مانگی لە آستانە لە چاپ دراوە.

٦ ـ سل حسام الْهِنْدی لنصرة مەولانا خالید نەقشبەندی نوسراوی زانای ناودار

Dr.Saleh Ebrahimi



محەمەد ئەمین ناودار بە عابدین کە لە ١٣٠١ی مانگی لە چاپخانەی ویلایە لە دیمشقا چاپکراوە.

٧ ـ (الاساور العسجدیه فی الماثر الخالدیه نوسراوی شێخ حەسەنی کوڕی ئەحمەد بە سری دەسوری)

٨ ـ ئەلحەدیقة الندیة و البهجة الخالدیه، نوسراوی محەمەد کوڕی سلێمانی حەنەفی بەغایی کەلە کۆپەی کتێبی ئەصفی المەواریدا چاپکراوە.

٩ ـ النشر الوردی باخبار مەولانا خالیدی نەخشبەندی کوردی، نوسراوی ئەبو بە کر محەمەدی حەنەفی ئەحسائی دیارە بەپێی نوسراوی ئـەبو بـە کـر مـحەمەدی حـەنەفی ئەحسائی هەروا بەپێ نوسراوی ماموٚستای عەلڵامە محەمەدی خاڵ ئەم کـتێبە لە ژێـر ژمارەی ٤٨٢٦ی لە پەرلانی، یانەی گشتی ئەوقافی بەغا هەیە.

١٠ ـ (ئەلقەول الصّواب بردّماسُمِّیَ بتحریر الخطاب) نوسراوی محەمەد ئەمین نوقی حیلله.

١١ ـ (السهم الصائب لمن سمی الصالح بالمبتدع الکاذب نوسراوی محەمەد ئەمین سویدی بە غایی.

١٢ ـ (حصول الانس فی انتقال) حەزرەتی مەولانا خالید نوسراوی سەید سمایلی غەرەوی عامیری موفتی شافیعی لە دیمەشقی شام.

١٤ ـ ریاض المشتاقین فی مـناقب مـولانا خـالید ضِیاءَالّدِین نـوسراوی عـەلڵامە محەمەدی خال کە بەرگێکی دەسنوسی ئەم کتێبە لە پەرلانی بیارەدا هەیە.

١٥ ـ مسلی الواجد و مثیر النواجد فی تەشیری مەرثیەی مەولانا خالید) نـوسراوی شێـخ داود کـوڕی سـلێمانی کـوڕی جـرجیس کـەبە پێ نـوسینی عـەلڵامەی هۆزان محەمەدی خاڵ یە ک بەرگی دە سنوسی ئەم کتێبەلە پەرلانی گشتی ئـەو قـافی بـەغابە ژمارەی ٥٧٦٥ هەیە.

Dr.Saleh Ebrahimi



١٦ ـ بغية الواجد) لە بابەت نوسراوەکانی حەزرەتی مەولانا خالید نوسراوی محەمەد ئەسعەد صاحیب کە لە ١٣٣٤ ی مانگی و ١٩٢٤ ی مەسیحی لە دیمەشقا لە چاپ دراوە.

١٧ ـ جمع القلائد و مجمع الشوارد فی قرائة حەزرەتی مەولانا خالید محەمەد ئەسعەد صاحیو زادە.

١٨ ـ الرَّحمة الهابطه فی ذکر اسم الذات و الرابطه) نوسراوی شێخ حوسەین کوڕی ئەحمەد دەسوری خێوی کتێبی (الاساور العسجدیه فِی الْمآثر الخالدیه)

١٩ ـ حەدائیقی وەردی‌یە نوسراوی مەجیدخانی خالیدی نەخشبەندی.

٢٠ ـ (الانوار القدسیه فی مناقب السادة النقشبندی‌یە) نوسراوی محەمەد سەخاوی کە لە ١٣٤٤ ی مانگی و ١٩٢٥ ی مەسیحی لە میسر (چاپ بووە).

٢١ ـ نور الهدایە و الْعِرفان فی مرابطة و التوجە) و خەتمی خواجەگان نوسراوی محەمەد ئەسعەد صاحێو زادە کە لە ١٣١١ی مانگی لە چاپخانەی عیلمیەی قاهیرە لە چاپ دراوە

٢٢ ـ (الفیوضات الخالدیە) نوسراوی محەمەد ئەسعەد صاحیوزادە ئەم کتێبە لە کەنارەی کتێبی (نورالهدایە و الفرقان) لە چاپ دراوە.

زانای هۆزان ماموٚستا محەمەدی خاڵ خێوی کتێبی شێخ مەعروفی نۆدێیی ئەنوسێ: بێجگە لە و نوسراوانە، کوڕێ‌تر لە خاوەن نوسینگ و زانایان لە بابەت مەزنی وزانای و کاراێ و لە کارزانی و چاکە و خواناسی و تەریقەی مەولانا خالیدگە لێکیان نوسیوە وەکو:

عەللامە سەیید عوبەیدیلا حەیدەری، شێخ ئەحمەدی تەرابلسی ئەروادی، شیخ سمایل کوڕی عەلی دورەکی، حاجی شوکری رۆمی ئەستەمبولی.

لەم پەراوانەش‌دا لە بابەت خوی چاکەو کەشف و کەرامات و پلەو پایەی زانیاری مەولانا خالید رۆژ لێکوڵەرانە، نوسراوە، وەکو کتێبی ١ ـ کرامات الاولیا نوسراوی

Dr.Saleh Ebrahimi



یوسف کوڕی سمایل نبهانی ٢ ـ الاعلام نوسراوی خێرە دین زەرەکلی کورد ٣ ـ نشوة الشمول و نشوةالمرام و غراب الاغتراب نوسراوی ئەبو نای آلوّسی. ٤ ـ عنوان المجد نوسراوی فەصیح حەیدەری ٥ ـ قاموس الاعلام نوسراوی شەمسەدین سامی ٦ ـ المسك الازفەرفی علماء القرن الثالث عەشەر نوسراوی سەید مەحمود شوکری آلوسی ٧ ـ السعادة الابدیة فیماجاء به النقشبندیه ٨ ـ الحدائق الوردیه فی حقائق اجلاء النقشبندیه، نوسراوی عبدالمجید کوڕی محەمەدخانی ٩ ـ معجم‌المؤلفین: نوسراوی عومەر رەزا، کە حالە. ١٠ ـ مونتەخەبات تەواریخ: نوسراوی دیمەشقی وتەقیه دینی الحصنی. ١١ ـ المقامات السعدیه نوسراوی محەمەد مەزهەری مەعصومی. ١٢ ـ قافله: نوسراوی مەحمود عیطه. ١٣ ـ مەشاهیری شەرق لە سەتەی تاسیع عەشر نوسراوی جورج زەیدان. ١٤ ـ هدیة العارفین فی ئەسماء المؤلفین نوسراوی سمایل پاشای بەغایی بابانی. ١٥ ـ معجم المطبوعات العربیه: نوسراوی یوسف ئەلیان سەرکیس.

١٦ ـ حەدیقەی ئەولیاء نوسراوی خواجەزادە ئەحمەد حیلمی

١٧ ـ کەشاف لە مەخطوطاتی خەزاین ئەوقافا: نوسراوی دوکتور محەمەد ئەسعەد تەلسی

١٨ ـ مطالع السعود: نوسراوی شێخ وەسمان کوری سەند.

١٩ ـ تەنویر القلوب نوسراوی ئەمین کوری هەوکیری.

٢٠ ـ حەسبحاڵی سالیک: نوسراوی ئەحمەد شەوکەت.

٢١ ـ التراث الروحی: نوسراوی شێخ محەمەد عبدالمنعم الخفاجی.

٢٢ ـ مجمع الادبا: نوسراوی مەستورەخانم کوردستانی، خێزانی خەسرەوخانی والی ئەردەلان.

٢٣ ـ التعریف: نوسراوی زانای ناودار مەلا محەمەد قزلجی: (تورجانی‌زادە)

٢٤ ـ خولاسەی مێژوی کورد و کوردستان: (من اقدم العصور التاریخیه)

٢٥ ـ مەشاهیری کورد و سلێمانی و دەوروبەری نوسراوی محەمەد ئەمین زەکی ئەم

Dr.Saleh Ebrahimi



پە راوەیە لەلایەن زانای مێژوزانی کورد، محەمەد جەمیل بەندی رۆژبەیانی لەکوردی یەوە. کراوتە عەرەبی و نوسراوەو مەبەستێ تری لێ زیاد کراوە.

و من (شەپۆل) وەرم گێراوەتە سەرزوانی پارسی و آمادەی لە چاپ دانە وەک مەقالێک هەندێکی لە ساڵنامەی نوری دانش لە ساڵی ١٣٤٩ی هەتاوی پەری ٧٨ لە تاران لە چاپ دراوە.

٢٦ ـ پەراوەی الاکراد فی بهدینان.

مامۆستا محەمەد خاڵ لە پەراوەی شێخ مەعروفی نودێ دا لە پەڕەی ٤٢ و ٤٥ دا فەرمویەتی: زۆرێ لە شاعیران و بێژاوەرانی دیاری شام، زۆر قەصیدەی پڕ واتایان لە پەسەندی مەولانا خالیداگوتوە.

وەکو: ١ ـ شێخ شاهین عەتار ٢ ـ محەمەد کوڕی عبداللەخانی ٣ ـ موساسباعی ٤ ـ محەمەد جوملەی حەنەفی دیمەشقی خاڵوەتی (ئەم وتارەی ئێمە گونجایشی باس کردنی ئەو هەمووەی نییەودای ئەنێن بۆ وتارێ تر.

تێکوشانەکانی هۆزانی مەزن مەولانا خالید:

مەولانا خالیدنەقشبەندی ئەم کتیبانەی نوسیوە:

١ ـ تەعلیقاتی مودەوەنە لە سەر (خەیالی) و لە سەر عبدالحکیم خەیاڵی. لە عیلمی کەلاما، ئەم پەراوە لە ساڵی ١٣٠٧ی مانگی و ١٨٨٩ی مەسیحی لە آستانە لە چاپ دراوە. ئەم نوسراوە خۆی بەلگەیە لە سەر هێزو وزەی مەولانا خالید لە عیلمی حیکمەت و کەلاما.

٢ ـ العقد الجوهری فی الفرق بین کسبی الماتریدی و الاشعری کە عبدالحمید خەرپوتی شەرحی کردوەو ناوی ناوە (السمط العبقری) فی شرح: (العقد الجوهری) و سەید ئیبراهیم فەصیح حەیدەری بە غدایش راوەتی کردوە.

٣ ـ شەرحێک بە پارسی لە سەر (الذهب) نوسراوی جار والله زەمەخشەری.

Dr.Saleh Ebrahimi



۴ ـ شەرحێک لە سەر مەقاماتی حەریری کورد. ماموّستا محەمەد خاڵ ئـەنوسێ: تەواوی نەکردوەو نوسخەیەکی دەسنوسی مەقاماتی حەریری کە حـەزرەتی مـەولانا خالید بەدەس و خەتی خوّی بە پارسی شەرحی داوە و نوسیویەتەوە هەیە.

۵ ـ کوّبە و حاشییە لە سەرکتێبی (جمع الفوائد) من جامع الاصول و مجمع الزوائد) لە کتێبی حەدیسی حافیزی روژگاری خوّی، محەمەد کوڕی سلیمانی مەغربی.

٦ ـ کوّبە لە سەر نهایەی رەمەلی لە فیقهی ئیمامی شافیعی دا لەباسی جومعەدا لە ۲ جەلدا.

۷ ـ شەرح لە سەر شەرحە عەقایدی عەضودی.

۸ ـ پەراوە یەکێ لە عیباداتاکە بوّ مریدانی حەنەفی کە لە دوایی دا چونەتە سـەر رِ چەی شافیعی نوسراوەتەوە، مەولانا خالید لە بەرکوڵەکەی دائاماژە و دیاری بوّ ئەمە کردوە.

۹ ـ یەکێ کوّبە لە عیلمی نحوا لە تەتیمەی (سەیالەکوتی) حاشیەی (عبدالغفور لاری) لە سەر شەرحی کتێبی جامی شەرحی کافییە نوسراوی ئیبنو حاجبی شارەزوری کورد کە مەولانا خالید لە پێش سەفەری هیندوستان نوسیوتی.

۱۰ ـ دیوانی شیعری مەولانا بە کوردی و پارسی کە لە ۱۲٦۰ی مانگی و ۱۸۴۴ مەسیحی لە ئەستەمبوڵ لە چاپ دراوە.

۱۱ ـ (جالبة الاکدار، فی تقلبات الامصار).

۱۲ ـ شەرحێ لە سەر حەدیسی ئیمان بە پارسی کە عـەقایدی ئـیسلامەتی لەوا کوّ کردوّتەوە و ناوی ناوە (فەرائید الفەوائید) و ماموّستا قازی محەمەدی خاڵ نوسیویەتی نوسخە یەکێ لای منە.

۱۳ ـ (جەلاء الاکدار و السیف البتار و صلاوات و تن بوّ پێغەمبەری مەزنی ئیسلام.)

۱ ـ (ریسالە یەکێ لە ئیسباتی رابیتەدا، ئەمەش هەر لەگەڵ بوغیة الواجدا چاپ کراوە.

Dr.Saleh Ebrahimi



١٧ ـ مەکتوباتی عەرەبی کە شێخ ئەسعەد صاحێو ئەوانی لە کتێبێکی ئەستورا کۆ کردوتەوە.

١٨ ـ مەکتوباتی پارسی کە لە یەک کتێبی ئەستورا کۆکرا ونەتەوە، ماموٚستا قازی محەمەد خاڵ فەرمویەتی: زوٚرێ لەو پارسی یانە، لایمن هەن و هەندێکیش لە پەرلانی خاوەنی کتێبی: (ئەنوار القدسییە) و پەرلانەی شێخ ئەسعەد صاحێو هەیە.

**خولەفای مەولانا خالید**

١ ـ حەزرەتی شیخ (عَبْدُالله شەمزینی: «نەهری» کە لە ساڵی ١٢٢٩ی مانگی و ١٨١٤ مەسیحی چووەتە بەغا و دوای چلەکێشان و ئەنجام دانی سلوکی باو، بوٚتە خەلیفەی حەزرەتی مەولانا خالید.

٢ ـ سەید تاهای نەهری شاهی شەمزین باوکی مەلیک غازی شێخ عوبەیدیلا نەهری کە لە ١٨٨٠ی زاینی بوٚ سازدانی دەوڵەتی کورد، راپەریوە.

٣ ـ مەلا عەبدوللای کوڕی مەلا (عبدالرّحمن جەلی) کە لە ساڵی ١٢٢٣ی مانگی و ١٨١٧ی مەسیحی دا چوٚتە بەغا و ئیجازەی خەلافەتی لە مەولانا وەرگرتووە.

٤ ـ شێخ عبدالله ئەرزنجانی مەکّی، لە مەکە دانیشتووە و خەلیفەی مەولانا بووە.

٥ ـ شێخ خالید کوردی لە شاری مەدینە دانیشتووە و خەلیفەی مەولانا خالید شارەزوری بووە.

٦ ـ مەلا مستەفا کوڕی عەللامە جەلالەدین گوڵعەمبەری.

٧ ـ شێخ عبدالفتاح عەقراوی (آکرەیی) کە لە ساڵی ١٢٨٦ی مانگی و ١٨٦٩ ی مەسیحی دا مردوە.

٨ ـ سەید ئەحمەد سەردار بەرزنجی سەرگەلوٚیی.

٩ ـ مەلا ئەحمەد کوردی هەکاری.

Dr.Saleh Ebrahimi



١٠ ـ شێخ مەحمود (عبدالرّحمن کوردی خەڵکی دیمەشق).

١١ ـ شێخ مەحمود عومەر سوسی کە لە عیمارە دانیشتوە.

١٢ ـ شێخ عبداللە قەردی خەلیفەی مەولانا لە بەیتەلموقەدەسا بووە.

١٣ ـ شێخ عبدالقادر بەرزنجی سەرگەڵۆیی کە لە مەدینە دانیشتوە.

١٤ ـ شێخ ئەحمەد قەستەمونی.

١٥ ـ شێخ سمایل ئەنارانی کە دوای مردنی مەولانا خالید، بووەتە جێ نیشی مەولانا خالیدو سەر پەرەستی ماڵ و سامان و تەکیە و بارەگای ئیرشادی نەخشی بە ئەستۆ گرتووە.

١٦ ـ شێخ عبداللە هرەوی دوهەمین سەر وەصی مەولانا خالید.

١٧ ـ شێخ محەمەد ناصح سێهەمین وەصی مەولانا.

١٨ ـ شێخ محەمەد صالح پێشەوای شافیعیەکان لە حەرەم و مەکەدا نیشتە جێ بووە.

١٩ ـ شێخ مەحمود ئەفەندی گەیلانی نەقیب ئەشرافی بەغا

٢٠ ـ مەلا رەسوڵ سابلاغی.

٢١ ـ حاجی حوسەین ئەفەندی کە لە مەلا تیەدا نیشتوە.

٢٢ ـ شێخ ئەحمەد کوڕی سلێمان تەرابلسی ئەروادی کە هاتۆتە شام لای مەولانا خالید کەسبی فەیزی کردوە.

٢٣ ـ شێخ سمایلی بەرزنجی کونە کۆتری.

٢٤ ـ شێخ محەمەد حافز ئور قلی زەهاوی.

٢٥ ـ شێخ سمایل شیروانی کە لە ساڵی ١٢٧٧ی مانگی و ١٨٦٠ی مەسیحی مردوەو لە شیروانە نێزیکی باکۆ پێتەختی آزربایجانی شورەوی هاتۆتە شاری سلێمانی کوردستان بۆ کەسبی فەیض لە مەولانا خالید. ئێستا، ناوی شیروانە بووەتە (کیروف آوا).

Dr.Saleh Ebrahimi



٢٦ ـ شێخ ئەحمەد ئەغریبوری خەلیفەی مەولانا خالید لە ئەزمیر

٢٧ ـ شێخ عوبەیدیلا حەیدەری حەنەفی و شافیعی لە بەغا

٢٨ ـ شیخ عبدالغفور المشاهیدی بە غدایی.

٢٩ ـ شێخ محەمەد خەجزوب عیماری.

٣٠ ـ شێخ خالید جەزەری کە لە دیار بە کری کوردستان بووە.

٣١ ـ شێخ سمایل بەسری.

٣٢ ـ شێخ وسمان سیراجەدینی تەویلە کە لە ١٢٨٣ی مانگی و ١٨٦٦ی مەسیحی دا مردوە.

٣٣ ـ مەلا عبدالغفور کەرکوکی.

٣٤ ـ شێخ محەمەد کوڕی سلێمان خێوی کتێبی ئەلحەدیقة الندیە.

٣٥ ـ شێخ مەحمود صاحێو ٣٦ ـ مەلا موسا جەبوری

٣٧ ـ مەلا ئەبوبەکری بەغایی ٣٨ ـ مەلا هیدایەالله هەولیری ٣٩ ـ شێخ مارفی تەکریتی عیراقی. ٤٠ ـ شێخ تاهیری عەقراوی ٤١ ـ شێخ مەلا ئەبوبەکری کوردی گەلاڵەیی دانیشتوی دیمەشق. ٤٢ ـ خێوی صەفوة التە فاسیر. ٤٣ ـ شێخ مەسعود آمیدی. ٤٤ ـ شێخ ئەحمەد هەولێری. شێخ جەدید خەڵیفە کە بۆزیارەت و ئیجازە وەرگرتنی خیلافەت لە بەغا چووەتە زیارەتی مەولانا خالید ٤٥ ـ شێخ عبدالقادر الدیملانی ٤٦ ـ شێخ محەمەد عاشیق ٤٧ ـ شێخ محەمەد قرمشکی کە یەکێ لە پێشەوایانی ڕچەی ئیمامی شافیعی بووە و لە دیار بەکر دانیشتوە. ٤٨ ـ شێخ مەلا خالید کوردی کە ئیمامی مزگەوتی السویقەو خەڵیفەی مەولانا بووە. ٤٩ ـ شێخ حەسەن قازانی ٥٠ ـ شێخ ئەحمەد سەمین مودەریسی ئەعزەمییە. ٥١ ـ شێخ عەلی باڵولّی ٥٢ ـ مەلا محەمەد قزلەری ٥٣ ـ شێخ هەباسی کەرکوکی ٥٤ ـ شێخ محەمەد هەرائی

Dr.Saleh Ebrahimi



دانیشتوی ئولب ٥٥ ـ خاجە محمود راسیم ئەفەندی.

ئەشێ بزانین ئەم خەڵیفانە هەمویان بە نۆبەی خۆیان چلەیان کێشاوە و کاری تەریقەتیان بەجێ هێناوە، ئەوسا ئیجازەیان بۆ خیلافەت لە لایەن مەولانا خالیدەوە پێ دراوە. کۆڕێ زۆر لەو خەلیفانە لە ڕوی زانست و آکاری شیا و وچاکەوە، خەڵکیان بەخواگەیاندوە و تەنانەت خۆیشیان خەلیفەیان هەبووە، وەکو حەزرەتی (سەید تاهای نەهری) پیرانی شەمزین کە هەم مریدومە نسوبێکی زۆریان هەبووەو هەم خەڵیفە مەلا محەمەد: (بەها) باپیرەی (شەپۆل: محەمەد صالح ئیبراهیمی محەمەدی و ئەمین حوزوری شێخ عوبەیدلاو شێخ عبدالقادر، پیری شەمزین و خەڵیفەی ئەوان بووە. کە هێمانیش لە ناوچەی موکریان و نێو بەگزادان و لە شاری مەهابادا سەتها مریدو مەنسوبی هەیە و لە مەهاباد نێژراوە و لە سەر شەقامی جامی جەمی شاری مەهاباد لە داوێنەی داشامەجید نێژراوە و ئارامگە یەکەی هێمان زیارەتگەیە. بڕوانە کتێبی ژیناوەری رانایانی کورد... نوسراوی (شەپۆل) چاپی ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی لە ٨٥٠ پەرەدا لە تاران و هەروا بڕوانە گۆڤاری گرشەی کوردستان ژمارەی ۴ و ۵ پەرەی ٣٢ و ٣٨ چاپی تاران ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی و ڕێکەوتی ١٩٨١/٣/١ی مەسیحی. خاوەن ئیمتیاز و سەر نوسەری (شەپۆل) بووە.

**نوکتە:** شەرحی حاڵی مەولانا خالیدم زۆر ڕێک و پیک و لێکوڵەرانە، بۆ تێز و پایاننامەی دەورەی فوقە لیسانسی زانستگەی ئیلاهییات و مەعارفی ئیسلامی زانکۆی تاران نوسیبو، دوای تایپە کردن دامەدەس ئوستادی تایبەتی ئەوکارە، بەڵام بەداخەوە لە لایەن ڕێژیمی تاغوتەوە ئوستاد خرایە بەندیخانەو ئەو ریسالە، ئامادە کراوە، تیاچو، نەما و منیش ناچار ئەوەی وا لە بیرم مابون لەگەڵ هەندێ مەبەستی ترکەم تاکورتێ، بە دەسمەوە مابو گردو کۆم کردنەوە و بەزوانی پارسی ڕێک و پێکم کردن تا بەلکولە

Dr.Saleh Ebrahimi



چاپی بدەن بەلاّم هێمان رێ نەکەوتوە لە چاپ درێ.

کوّرێ زوّر لە زانایان و هوّزانفاوان کە پەیرەو، مریدو مەنسوبی مەولانا خالید بون زوّریان لە پەسەندی مەولانا دا قسەکردوە وکتێبیان نوسیوەو شیعرو هەڵبەستیان وتوە.

ئەتوانین ناوی ئەمانە بەرین: محەمەد قەسیم عەللاّمەی سنەیی، کە لە زانستی زاهیریدا ماموّستای مەولانا بووە، عومەر ئەفەندی غەزی موفتی شافیعی لە شامو دیمەشقا، موحەدیسی ناودار، عەبدورەحمانی کە زبەری، (عبدالرّحمن طیبی) عبدالله پاتشا حاکمی عەکاکە لە مەکە لە دایک بووە، موستەفا عاصم ئەفەندی شێخ الاسلام، شێخ شامیل داغستانی، شێخ فەوزی، داود پاشا والی بەغا، سەید راغیب ئەفەندی، نەجیب پاشا والی بەغا، سەید راغیب ئەفەندی، نەجیب پاشا والی شام، عەینی ئەفەندی، سەید عەزیز گەیلانی نەقیبی بەغا (مەلیک غازی شێخ عوبەیدیلا شەمزینی و سەید عەبدولاّ نەهری پیرانی شەمزین).

حاجی وەلی یەدین پاشا والی سوریە، عەللاّمە سەید عبدالسلام حەیدەری موفتی شافیعی لە بەغا، سەید عبدالرّزاق حەیدەری، سەید عیسا کوڕی سەید عبدالسّلام حەیدەری، سەید فضل‌الله حەیدەری، عەللاّمە سەید صِبغةالله حەیدەری، (عالمی ئەدیب سەید عبدالقادر صدقی حەیدەری)، شێخ عبدالرّحمن روّزبیهانی، سەید محەمەد تاهیر ئەفەندی حوسەینی موفتی قودس، شێخ ئەبولخەیر دیاربەکری، سەید محەمەد ئەسعەد ئەفەندی ناودار بەئیبن نائیب، شێخ صالح عجلونی ناودار بە فەتح، عەللاّمە سەید محەمەد ئەفەندی جوندی موفتی معرةالنعمان، لە حەڵەب، شێخ عومەر موجتەهیدی دیمەشقی. حاجی بێک ئەحمەد بەگی، لە پیاوە ناودارەکانی شاری سلێمانی، ئەمە تنوّکێکە لە زریا یەک، سەبارەت بە زانایی وبلیمەتی و نابیغە بونی مەولانا خالید، بە هیوام بەم چەن دێرە توانی بێتم پەردەی ڕەشم لە سەر ژیناوەڕی مەولانا خالید

Dr.Saleh Ebrahimi



لادابێ، چونکا بە داخەوە لەم سەد ساڵی دوا یەدا قەڵەم بەدەسانی پارس بە ئاقەست هیچیان لە بایەت زانایانی کوردە وە، نە نوسیوە، وەک ئەمە ویستویانە ناوی کورد و زانایانی کورد بخەنە شوێنەگومکێ بۆ زیاتر ناسینی مەولانا خالید بڕواننە یادی مەردان نووسراوی ئیمام شافیعی رۆژگار: مەلا عەبدولکەریم مودەریس و هەروا و تاری دوکتور حسین خەلیقی و دوکتور حەسەن جاف بە فارسی.

## شیعری کوردی

هامسەران نەسەب... هامسەران نەسەب...
مەحبووبێم هەن شای عالی نەسەب
ئیسمش موحەممەد، قورەیشی و عەرەب
ئەداش ئامینە کناچەی وەهەب
تەمامی عومرش شەصت و سێ ساڵەن
باب و باپیرش بێ طەرز و حاڵەن

Dr.Saleh Ebrahimi



# مەولانا خالید شارەزوری و خزمەتی عیلمی و کوردایەتی ئەو

مەولاناخالید باش زانیویەتی عیلم میحوەری ورد بونەوەی زانینە و عیلم بوّتە هونەری روژ باو. جا هەر لە بەر ئەوە بەر لە هەموشتێک چووە لای گەورە زانایان خوێندویەتی و عیلم فێر بووە و خوّی بەنوری عیلم و زانین غەنی کردوە و خوّی بەعیلمو ئەخلاقی مروّڤانی و هونەری روژباو، رازاندوّتەوە. چون زانیویەتی تەنیا هوّی تەرەقیو سەرکەوتنی مروّ عیلم و زانینی روژ باوە. لای ئەم زانایانەی سەردەمی خوّی عیلم و زانین فێر بووە،کەسانیّ وەک : باوکی خوّی، مەلا سەید عەبدولکەریم بەرزنجی، مەلا سەید رەحیم بەرزنجی، مەلا جەلالەدین خورمالّی، شێخ مارف نوّدیّی (کە تەریقەتی قادریشی بە دەسبووە)، لای مەلا ئیبراهیم بیارەیی (تاریخی سلێمانی پەرەی ۲۲۵). لای مەلا صالح تەرە ماری، شێخ عەبدوللاّ خەرپانی، مەلا مەحمود غەزایی، لای مەلا رەحیم زیاری، صیبغە توللاّ ئەفەندی، عەللامە مەلا محەمەدکوری ئادم بالّەکی، **کە هەریەکە، لەوانەئەستێرەیەکی گەش وپرشینگداری عیلم وهونەری** ئاسمانی کوردەواری،ئەدەب و فەرهەنگ و عیرفان و زانیاری بون.

مەولانا خالید لە پاشان چووەتە شاری سنە و لە فێرانکوّی عەللامە شێخ محەمەد وەسیم مەردوّخی حیساب، هەندەسە، فەلەکیات، ئەستێرەناسی، حیکمەت وکەلام، لای ئەو زانایە دەخوێنیّ و فێریان دەبیّ و ئیجازەی ئیفتا و تەدریسی زانیاری یەکانی ئیسلامی لە سالّی ۱۲۱۳ مانگی، لەو زانایە، وەردەگریّ و دەگەرێتەوە شاری سلێمانی و لە ۱۷۹۸ ز ـ کە مەولانا شێخ عەبدولکەریم بەرزنجی ماموّستای مەولانا خالید، وەفاتی کردبو و خەلّکی و زانایانی شار ئەو لەجیێ ماموّستاکەی دادەمەز رێنن و مەولانا خالید دەس دەکا بە تەدریس و رێنوێنی کردن و لە شاری سلێمانی فەقیّ و مەلایّ زوّر دێنە حوجرە و فێرگەی مەولانا خالید و عیلم و زانین و خوو ئاکاری چاک و مروّڤانی لەو فێردەبن.

۱ ـ هیدایەت لە (تەزکەرەی ریاز عارفین) دا، دەلّیّ «مەولانا خالید کوری ئەحمەد

Dr.Saleh Ebrahimi



فەخری عاریفان و زینەتی سالیکان و جێیْ فەخروشانازی هەموانە و لە پێگەیشتن و تێگەیاندن و پێگەیشتندا لە بارو بابەتی سوری و مەعنەویدا تەک و تاک بوو لە تۆرەمەی جاف و کوردی سلێمانی و لە بەغا خێوی خانەقا و بارەگا بووە.

۲ ـ مەولانا خالید دوای ئەوەی خۆی بە عیلم و مەعریفەت رازاندەوە، دەسی کرد بەراژە و بە خزمەت کردن، بۆ وێنە خزمەت کردن بە زمانی شیرینی کوردی، چونکا ئەوزاتە پاکە زانیویەتی نەتەوەی کورد کە تائێستا ماوە و نەفەوتاوە، بە هۆی زمانەکەیەوە، ماوە و لە نێو کورە و تەنوری گڕداری داگیرکەران نەتاواوە تەوە وزەق و زیندو خوێی پتەو راگرتووە.

مەولانا خالید ویستویەتی بناغە یەکی فیکری و هزری، کوردایەتی و خزمەتو راژە کردن بەزمانی کوردی کەمرۆڤی کورد، بەکوردی فیکر بکاتەوە و لە بیری کوردایەتی دابیْ، دابمەزرێنیْ، بە جۆرێ کە لەوەو لاکەس نەتوانیْ ئینکاری زمانی کوردی یا زمانی کوردی قەدەغە بکا.

۳ ـ مەولانا خالید، چووە بەکۆچیلی خەلیفەی عوسمانیدا و دیوانی شیعرەکوردییەکانی خوێی پییْ لە چاپداوە، مەولانا خالید لە و ڕێبازەوە بە خەلیفە حەمیدی عوسمانی و بە خەلکی حالی کرد، دەکرێ بەزمانی کوردی هەروەک زمانەکانیتر، زانیاری و هونەرو دینی پێی بنوسرێ و بەزمانی کوردی، بخوێندرێ چونکا زمانی کوردی نیشانەی خوایەوفرە بە دیهی و ئاشکرایە و هەرکەس ئینکاری زمانی کوردی بکا، وەک ئینکاری وجودی عەر زوئاسمان و بە دیهیات بکا وایە و هەرکەسیش ئینکاری بە دیهیات بکا، کافر دەبیْ (و من آیاتهِ خلق السموات و الارضِ و اختلاف السنتکم و الوانکم اِنَّ فی ذلک لایات للعالمین. ڕوم ۲۲).

۴ ـ مەولانا خالید چون تێگەیشتن و پێگەشتنی خوادادی و نبوغیزاتی هە بووە، لە کتێبەکاندا بە نوسخەی جامیعە و نوسخەی نابغە ناو براوە، مەولانا قەریحە و زەوقی زاتی

Dr.Saleh Ebrahimi



شیعر و تنی هەبووە و چون لە بیری کوردایەتی دابووە. شیعری بە زمانی کوردی، داناوە.

٥ ـ سوڵتان عەبدولحەمید خەڵیفەی عوسمانی لە ئەستەمبوڵ لە ساڵی ١٣٦٠ مانگیدا، دیوانی مەولانا خالیدی لە چاپ داوە و بلاّوی کردوتـەوەو بـەوە زمـانی کـوردی بـە خەڵیفەو خەڵک بە رەسمی ناسێندراوە و بەردی بناغەی زمانی کوردی و کـوردایـەتی دانراوە و مافی ئینکاری زمانی کوردی بە کەس نادریّ و کوردایەتی حەقە و مافی رەوای نەتەوەی نەجیبی کوردە و زمانی کوردی بەشێ گەورە لە شارستانی و تەمەدون و فەخری کوردی ئێمەیە.

٦ ـ مەولانا خالید کوڕی حوسێن و لە تۆرەمەی میکایەڵی جـافە و هۆزی جـافیش پاشاو حاکمی فرە پڕدە سەلاّت و شێرە مێرانی لیّ هەڵکەو تووە و حەشمیەتیشیان فـرە بووە، **جامەولانا خالید بە نبوغی زاتی خویَ، هاتە سەر ئەو فیکرە تا لە ریگای عیلم و ئەخلاقی چاک، کاریّ بکا، ئونس وئولفەت وباوەڕبە یەکترکردن وخۆش ویستنی زیاتر لە نیۆچینی زانایان وخەڵکدا، زیاتر بکاو** لە نیۆ نەتەوەی **کوردا، باوەڕبە یەکترکردن** پتەوتر بکاو پەرەی پییّ بدا و کورد لە یەکتر نێزیکتر بکاو یەکیەتی و وەحدەت لە نیۆ گەلی کورد، سازبدا.

٧ ـ مەولانا خالید لە ١٢٢٠ مانگی کە چۆتە حەج و لەگەرانە وەدا، دەچێتە نەهری و میوانی مەلا سـەید عـەبدوللاّ نـەهری دەبیّ و چـوونی خۆی بۆ دێـهلی لەگـەڵ خـانە خۆیکەیدا، دەخاتە بەر و تووێژ و سەید، بـە مـەولانا دەڵێ: «تۆ بـەو هـەمووە ژیـری، زەکاوەت، عیلم و کەماڵەوە، دەچیەلای کیّ؟» مەولانا پـیێ دەڵێ: ئـەو سـەفەرە هۆی دینیو نیشتمانی هەیە و مەلا سەید عەبدوللاّیش دەڵێ: ئەرگەروایە منیش لەگەڵت دێم، مەولانا پیّی دەڵێ: تۆخەریکی تەدریس بە، هەر خۆم دەچم (لەم سـەفەرەم دا بۆورمیّ چۆمە ماڵی خانەدانی ساداتی نەهری شە جەرەنامە و شەرحیی هەندێرو داوییان نیشان دام کە لە بابەت چاو پێکەو تنی مەولانا خالید شارەزوری لەگەڵ مەلا سەید عەبدوللاّ

Dr.Saleh Ebrahimi



نەهری، ئاماژە یەک بەوە کراوە ـ شەپۆل) ـ موتەرجیمی قانون لەعیلمی تیب؛ شاعیری ناوداری کورد، هەژار لە پەسەندی مەولانا خالید و سەید عەبدوللآ و سەید تاها پیرانی نەهری شاهانی شەمزین بە شیعر بە زمانی کوردی دەڵێ:

کە سەردەستەی هەمو مەستانە خالید		نەمامی باغی کوردستانە خالید

فیدات بم نیشتمان بۆ شارەزورت		کە رو ناکەشام و ئەستەمبوڵ بە نورت

مەبەست لە ئەستەمبوڵ شیخانی نەهری شەمزینەکە ئەمین حوزوری مەولانا خالید بون، هەوەک دەڵی:

بە عەبدوللآ و تاها پیری شەمزین		لە داوای دین نە ماندو بون، نەشەمزین

شەمی دڵ بون و زەینی مەحفەلی دین		وەتەن هەرشاد بی تۆواو دوکورەت دین.

□ ئەگەر زەمانی ئەوشیعرانەو هۆی دانانەکانی لەبەرچاو بگرین باری سیاسی ئەوانەمان فرە بە جوانی بۆدەر دەکەوێ.

٨ ـ مەولانا خالید لە ریبازی تەریقەی نەخشبەندی ئەو هەمووە زانا و مرۆفە ژیرانە، بەناوی دۆست، مەنسوب و مرید و خەلیفە لە بازنەیەکداکۆکردوتەوە و ئولفەت، وەحدەت و یەکیەتی لە نێو یاندا پتەو سازدابوو.

٩ ـ مەولانا خالد باش دەیزانی بەکار هێنانی زمانی کوردی، هەروەکو عەرەبی و زمانەکانی تر دەبێ ئازاد بێ‌وکەس مافی قەدەغەکردنی زمانی کوردی بۆنیە و قورئان و دینیش رێ لە ئازادی زمانی کوردی نەگرتووە و مەولانا خالید ئەم فەرمودەی دیوەکە مرۆڤێکی تەمیمی بە زاراوەی خۆی پرسیویەتی: «اَمن ام بر امسیام فی ام سفر!» کە پیغەمبەر لەوە لآما هەر بە وجۆرە: «لیس من ام بر ام صیام فی امسفر!»

مەولانا لەم ئایەتە بەوردی روانیویەتی «لولا فُصِّلَتْ آیاتُه أَأَعْجَمِیٌّ وَ عَرَبِیٌّ. فصلت ۴۴» یانی بۆچ نیشانەکانی بەرونی بەیان نەکراوە؟ قورئانی عەجەمی و پێغەمبەری عەرەبی. یا ئەم ئایەتە «ولو نَزَّلْناه علی بعض الاعجمین ـ فَقَرَأَ علیهم ماکانوا بِهِ مؤمنین ـ

Dr.Saleh Ebrahimi



شوعەرا ـ ۱۹۸» یانی ئەگەر ئەوە «قورئان» مان بە سەر هەندێ لە عەجم (ناعەرەب) نازڵ بکردبا ـ جابە سەر ئەواندا، بی خوێند بایەوە، بڕوایان نە دەهێنا (لە بڕواداران نە دەبون). ئەم ئایەتە نەتەوەی کوردی لە عەرەب، بە باشتر زانیوە، قورئان بە زمانی کوردیش نیە، کەچی کورد باشتر لە عەرەب پەیرەوی لە قورئان کردوە و عەمەلی پێدەکا، بەلاّم ئەگەر قورئان بە زمانی شیرینی کوردی نازڵ بوایێ، عەرەب باوەڕی پێی نە دەکرد. ئەوەیە ئەبو حەنیفە فەرمویەتی بەهەر زمانێ کە هەتە، نوێژ و دوعای پێی بخوێنە.

نوکتە: پرسین لە وجودوبون گەورەترین پرسیاری دنیایە و تائەمرۆ هیچ کەسێ وەک پەهەلەوی زمان، وەلاّمی ئەوەی نە داوە تەوە، پەهلەوی زمانی خەڵکی کوردی گۆران زمانە.

«الفــــهلویون الوجـــود عـــندهم　حـــــقیقة ذات مـــــراتبَ تـــعم
مـــراتبَ غـــنی و فـــقر تـــختلف　کالنور حیثُ ما تقویٰ و ضعف».

(سەبزەواری). ـ سوهرەوردی شێخی ئیشراق فەیلەسوفی کورد، فەلسەفەی، پیادەیی: مشائی لە سەربنچینەی ژێر ئۆگری پەهلەوی زمانانێ، کەسانێ وەک: جاماسب فەرشاد شور، بوزورگ‌میهرو کەیخوسرەو خوایی (حیکمەتی خـوسرەوانـی) سـوار کـردوە و پڕشکۆترین ئەقڵ ئۆگری مێژوی، بنیات نـاوە و بـەئاژاوەی یـەک و چـەند (ئـاژاوەی وەحدەت و کەسرەت) خاتیمەی داوە.

۱۰ ـ حەزرەتی مەولانا خالد (د ـ خ) بە پێی ئەم ئایەتە (وما أَرْسَلْنا من رسولٍ الاّ بِلسانِ قومِهِ لِیُبَیِّنَ لهم ـ ئیبراهیم ـ ۴) باش زانیویە کە پێغەمبەرێکە، هەروەک یەحیا ـ کە قورئان دەفەرمێ: (یَیحیٰ خَذِالکِتٰبَ بِقُوّة وَ آتینهُ الحکمَ صَبیاً ـ مریم ـ ۱۲) یانی چلوّن یـەحیا بەرپرس بووە کە تەورات توند بگرێ بە دەسەوەو واتاکەی بۆ خەڵک بەیان بکا، مەولانا خالیدیش خوّی بە بەرپرس زانیوە کە دەبێ قورئان توند بگرێ و دەو لە تێکی کوردی سازبدا و جائەوسابە زمانی شیرینی کوردی دین و دینداری فێری کورد بکا.

Dr.Saleh Ebrahimi



۱۱ ـ بەڵام بە داغەوە کورد، نەیتوانی یەك بگرێ و دوژمنانیش، ئاژاوەی لەنێو کوردا، وەك هەمیشە سازدا وگەورە زانایانێ وەك عارفی رەبانی مەلا مارف نۆدێی و مەلای باڵەکی لە مەولانا خالید بونە ملۆزم، هەر چەند هەروەکو مێژو دەڵێ: چۆن ئیمام فەخری رازی ببوە دوژمنی شێخی ئیشراق و لە دوایداکە چاوی بە تالیفاتی شێخی ئیشراق، دەکەوێ، پەشیمان دە بێتەوە و دەگری و دەڵێ: بۆچ؟ دڵی ئەو فەیلەسوفە گەورەم لە خۆم رەنجاند، حەزرەتی نۆدێی. لەوەکە لە خۆرا دڵی مەولانا خالید ـ ی لە خۆرەنجاند بو، پەشیمان بوتەوە، کورد، فەرمویەتی: (دوای باران کەپەنك). ئەو جارەش هەل لەکیس درا.

۱۲ ـ لە بەرئەوەیە حاجی قادر ئەو گەورە نیشتمان وەیستەی کورد بە شیعر فەرمویەتی: (قوتبی زەمانە خالید ئاوارەبو، وەکمن ـ بیقەدر و قیمەت و شان، بێ خانمان، بێنان). دیارەئەم شیعرەی حاجی واتای رامیاری هەیە ـ نازانم بۆکورد بوتە زیندوکوژی مردو پەرست. خەڵك مەزنی خۆی دەباتە نیو مانگ، بەڵام کورد، قەڵا و سەنگەرەکان لە خۆ دە روخێنن.

کورد دەڵێ: (گیا لەسەربنجی خۆی شین دەبێتەوە) و (سەد سوزن گاسنێکی تیا نابێ.) دەبیا ئێمەی کوردیش، وەك خوا پیداوان لە بیری وەحدەت و یەکیەتی دابین تا بەما فی رەوای خۆمان بگەین. **دیارەنامەوێ شتەکە بەرتەسك بکەمەوە و بوت پەرست بین،** رەخنە نەبێ تەرەقی نابێ بەڵام نەقد و رەخنەی سازندە دروستە، نەك تەخریب، بزانن چلۆن روحانیانی کورد، پێغەمبەری (یەحیا)یان لە دڵی موسوڵمانانی کورد، زاخاو داوە، (سەرە بۆ خەڵك دەکەن، بنە بۆ نەتەوەکەی خۆمان ناکەن)؟

۷ ـ لە بابەت فەزیلەت و گەورەی مەولانا خالید کتێبێ فراوان نوسراوە و لە چاپ دراوەکە خۆی نیشانەی زانایی و دەسەڵاتی مەعنەوی و عەزەمەت و خۆشەویستی مەولانا خالید شارە زوی یە. ناوی هەندێ لەوکتێبانە ـ ۱ ـ کتێبی (سل الحسام الهندی

Dr.Saleh Ebrahimi



لنصرة) مەولانا خالد نەخشبەندی نوسینی محەمەد ئەمین بن سەید عومەر ناودار بەکوری عابدین، کە لە ١٣٠١ مانگی لە دیمەشق چاپ کراوە - ٢ - ئەصفەلمەوارد لە زنجیرەی ئەحوالی ئیمام خالد نوسینی شێخ عوسمان بن سند وائیلی، نەجدی کە لە میسر لە ساڵی ١٣١٣ مانگی لە چاپ دراوە - شێخ ئەبوبکر بن شێخ مەجد ئیحسائی بەناوی نەشری‌ودی لە خەبەری مەولانا شێخ خالد کورد، ئەم - کتیبەی کورت کردوەتەوە - تۆ بروانە زانایان و شاعێران لە خۆشی مەولانا خالید چلۆن بە نیشتمان و زانایانی کوردیان هەڵ و تووە:

أَیا مَنزِلَ الاکراد بورکت منزلا        لَنا فیهِ اقمار المعارف تشرق
سعدت فیما صحبت الاحدیقة        بها زهرا لتحقیق بالدرس مورق

تا ئەوجییەکە دەڵێ:

ولکنهم قوم کرام فصبهم        سعید و ان بالبعد و الصد ذوقوا

(بروانە: ژینا وەری زانایانی کورد    لە جیهانی ئیسلامەتی بە قەڵەمی (شەپۆل) پەرەی ٤٠ چاپی ١٣٦٤) - ٣ - حەدیقەی ندیە لەتەریقەتی نەخشبەندی و بەهجەی خالدیە نوسینی عەللامە محەمەد بن سلێمان بن مراد بن ئەو رەحمان عەبیدی بەغدادی حەنەفی نەخشبەندی، یەکێ لە خەلیفەکانی مەولانا خالید کە شەرحی حاڵ و ژیانی مەولانا خالیدی بەجوانی و پروتەژی لە مەبەست، باسی کردوە. - ٤ - فەیزی وارد لەسەر رەوزەی مەرسیەی مەولانا خالید نوسینی ئەبوسەنا حەمود ئالوسی چاپی کەستەلیە ١٢٧٨ مانگی - ٥ - مەجدی تالی لە مەناقبی مەولانا خالید بە قەڵەمی ئیبراهیم فەسیح حەیدەری بەغدادی چاپی ئەستەمبول. - ٦ - أَساورسجدیە لە مآثر خالدیە نوسینی شێخ حوسێن بن ئەحمەد بەسری‌دسوری - ٧ - نەشری وردی باخبار مەولانا خالید ئەخشبەندی کورد، نوسینی ئەبی بەکربن محەمەد حەنەفی ئیحسائی کە لە مودیریەتی ئەو قافی بەغا بە ژمارەی ١٤٨٢٦ هەیە. - ٨ - قەولی صەواب لە رەدی ئەوەی بە تەحریری

Dr.Saleh Ebrahimi



ژمارەی ٥٧٥٦ هەیە - ١۴ -بوغەی واجید لە بابەت مەکتوباتی، حەزرەتی مەولانا خالید نوسینی ئەسعەد صاحێب، دیمەشق ١٣٣۴. - ١٥ - فیوزاتی خالیدیە نوسینی محەمەد ئەسعەد صاحێبزادە - ١٦ - جمع القلائد و مجمع الشوارد فی فرائد حضرتِ مەولانا خالید نوسینی محەمەد ئەسعەد صاحێبزادە - ١٧ - رەحمەتی سەهابە لە زیکری ئیسمیزات و رابیتە نوسینی حوسێنبن ئەحمەد، دسوری - ١٨ - حەدائیقی و ردیە نوسینی عەبد مەجید بن محەمەد خانی خالیدی نەخشبەندی - ١٩ - ئەنواری قودسیە لە مەناقبی گەورەزانای نەخشبەندی نوسینی محەمەدبن محەمەد رەخاوی چاپی میسر ١٣۴۴ مانگی - ٢٠ - نوری هیدایە و عیرفان لە رازورەمزی رابیتە و جەو هر و خەتمی خواجەکان نوسینی محەمەد ئەسعد صاحێبزادە چاپی میسر ١٣۴۴ مانگی - ٢١ - سەعادەتی ئەبەدی لەوەی کە لە رێبازی نەخشبەندیدا هاتووە، چاپی میسرساڵی ١٣١٣ مانگی. - فرە زانای تریش لە پەسنی مەولانا خالید شتیان نوسیوە، زانایێ وەک عەللامە مەلا عەبدولکەریم مودەریس ئیمام شافعی زەمانو جەنابی پیرە مێردوکەسانێ وەک شێخ عوبەیدیلا نەهری شاهی شەمزین، سەید عەبدوللاّ نەهری، شیخ فەوزی، مراغیب ئەفەندی، سەید عوبەیدیلای حەیدەری، شیخ ئەحمەد تەرابلوسی ئەرواری، سەید عەزیز گەیلانی نەقیبی بەغا، تاهیر ئەفەندی حوسێنی موفتی قودس، شێخ ئیسماعیل کوڕی عەلی دورەکی، حاجی شوکری ئەفەندی رۆمی ئەستەمبولی، حاجی وەلیەدین پاشا والی سوریە، سەید عەبدوسەلام حەیدەری موفتی شافیعی بەغا. شێخ یوسف کوری ئیسماعیل نەبهانی، خەیرەدین زەرەکلی، عومەررەزاکە حالە، شێخ محەمەد قزلجی، ئەمین زەکی، محەمەد، قەسیم سنەیی، عومەر ئەفەندی غەزی موفتی شام و دیمەشق، ئەورەحمان کەزبەری، پاشای عەکا، مستەفا عاسم ئەفەندی، شیخ شامیل داغستانی، شیخ فەوزی، داود پاشا والی بەغا، نەجیب پاشا والی شام، بابا مەردوخ روحانی، ئەنوەرمائی، موفتی زەهاوی، شەپۆل (بڕواننە ژیناوەری هەر ئەویّ)، محەمەد ئەمین بن عابیدین. بۆگەورەیی و عەزەمەتی مەولانا ئەوە بەسەکە زیاتر لە ٣٧ خەلیفە و نوێنەرو ٣١ مەنسوب و مریدی هەبووە و هەموشیان عالمو زانابون و دوکتور خەلیقی نوسیویەتی کە زیاتر لە ٢٠٠٠

Dr.Saleh Ebrahimi



سوریە، سەید عەبدوسەلام حەیدەری موفتی شافیعی بەغا. شێخ یوسف کوری ئیسماعیل نەبهانی، خەیرەدین زەرەکلی، عومەررەزاکە حاڵە، شێخ محەمەد قزلجی، ئەمین زەکی، محەمەد، قەسیم سنەیی، عومەر ئەفەندی غەزی موفتی شام و دیمەشق، ئەورەحمان کەزبەری، پاشای عەکا، مستەفا عاسم ئەفەندی، شیخ شامیل داغستانی، شیخ فەوزی، داود پاشا والی بەغا، نەجیب پاشا والی شام، بابا مەردوخ روحانی، ئەنوەرمائی، موفتی زەهاوی، شەپۆل (بروانە ژیناوەری هەر ئەوێ)، محەمەد ئەمین بن عابیدین. بۆگەورەیی و عەزەمەتی مەولانا ئەوە بەسەکە زیاتر لە ٣٧ خەلیفە و نوێنەرو ٣١ مەنسوب و مریدی هەبووە و هەموشیان عالمو زانابون و دوکتور خەلیقی نوسیویەتی کە زیاتر لە ٢٠٠٠ خەلیفەی هەبووە،کەسانێ وەک شێخانی بیارە و تەوێڵە و...

زیارتر لە ٢٢ جۆرکتێب لە بابەت مەولانا خالید و مەتاقیب و شەرح حاڵی مەولانا خالید نوسراوە و خویشی زیاتر لە ٢٠کتیب و کوبە و رسالەی تەئلیف کردوە. باوکی مەولانا خالید ناوی پیرمیکایەلی و لە بنە ماڵەی جافەو لەدەودان سەر بە جوانرۆ مردوە و نێژراوە و دایکێشی لە ساداتی پیرخزشاهۆیە. لە بابەت ساڵی لە دایک بونی مەولانا خالید جیایی بیرورا هەیە. فرەیێ لە زانایان لایان وایە لە ساڵی ١١٩٣ مانگی لەدا یکبووە و هەنوێتر ساڵی ١١٩٠، هەندێتر ١١٩٢ و هەندێکیش ساڵی ١١٩٧ مانگیان نوسیوە و بۆ وەفا تیشی دەڵێن: لە ١٢٤٢ مانگی و ١٨٢٦ ز ـ وەفاتی کردوەو (خالد قطبٌ توفی) مادە تاریخیەتی و بەحیسابی زاینیش هەندێ ساڵی ١٧٨٣ ـ ز ـ یا ١٧٧٣ ز ـ یا ١٩٤٣ ز ـ یان بۆ نوسیووە.

شوێندانانی رێبازی تەریقەت یا نیزامی عیرفانی لەسەر فەرهەنگ و کلتوری کوردەواریyانی **شوێنی ریبازی مەولاناخالیدشارەزوری نەخشبەندی لەسەرنەتەوەی کورد و کوردستان** ـ ١ ـ دیارە تەنیا ورد بونەوە لە ژیانی مادی و ئەنبوژەی، وە خۆ دورخستنەوە لە مە عنەوییەت و خۆ پاک کردند وەی دەرون و تەزکیەی نەفس، جۆرێ

Dr.Saleh Ebrahimi



لە پەریشانی و بێنەزمی لە ژیانی ئابوری، کۆمەلایەتی و سیاسی لە نێو مرۆڤدا بەدی دێنێ، خۆدزینە وەیش، لە مادیات و پیێ بژیو، دێوە زمەی نەداری و روت وقوتی و برسیەتی، درگا بە مرۆڤ دەگرێ. مرۆ بونەوە رێکە، دەبێ هەردولا، لای مادی و لای مەعنەویات، لە بەرچاو بگری، ۲ ـ دیارە بە درێژایی مێژوکێشەکێشی چینایەتی فرەیێ روی‌داوە. ۳ ـ لەو سۆنگەوە، مرۆڤگەلێ هەبون‌کە لەدەرونی خۆیان فیکریون و بیریان لە مەعنە وییەت کردوتەوە و فێرگە و فێرانکۆیەکی مرۆڤانی و ئەخلاقی، ئیلاهی، رەبانیان بنیات ناوە، کەس ناتوانێ ئەوە نەفی بکا. ـ ۴ ـ لێرەدا دەبێ بلێین: مەولانا خالید خوا عیلم و حیکمەت‌و زانین و خێر و بەرەکەتی بەسەرا باراندوە (ومن یُوتی الحکمة فقداوتی خیراً کثیراً ـ بەقەرە ۲۶۹) یا ئەم ئایەتە (یرفع الله الذین آمنوا منکم و الذین اوتوا العِلم درجات) چون مەولانا خالید لە بیری مەعنەویتیشدا بووە و بەرز و بەزرتر بوتەوە و خۆی بە عیلمی روژباو غەنی کرد بو، ـ ۵ ـ دیارە هەمو دەزانین ئەقڵ و ئەزمون و تەجربە پێکەوە، توانیویانە لەم سەردەمەدا، ئەم هەمووە تەرقیاتە بۆ بەرەی مرۆڤ دابین بکەن، بە دیهێنانی بەرق، فروکە، تەلەیفون، ئوتومبیل، موبایل، مانگ‌وارە، تلویزیون، کامپیوتێر، تەرەقی عیلمی پزیشکی‌و داو دەرمان، دیارە ئەبێ ئەوەیش بزانین کە صوفی و دەروێش، هەروەک زوهدی موتەشەریعان و موحەدیسان، بۆ ئەوە، ناحەزی و بە دفەری کاری حاکمانی موسوڵمانان نیشان بدەن، ئەوانە قەت لە بیری ئازاردانی حاکمان، تەنانەت بە (ناوی موبارەزەی مەنفی) نەبون، هەر بۆ ئەوە بووە کە خۆیان لە کەسبی ماڵی دنیا و لەزەت بردن دوربخە نەوە و ئەونەش پشتیان بەخوا بەستوە، ویستویانە نەخۆشی خۆیان بە دوعا چارە بکەن و فرەگۆیێان بە پزیشک نەداوە و پەرۆ و پاڵیان بەدارا هەڵواسیوە و شفا و یارمەتیان لێتویستون، دیارە قورئانیش فەرمویەتی (و ان لیس للأنسان الا ما سعی) یانی مرۆڤی خۆ پارێز، مرۆڤی عاتیفی، بەتەنیا نەیتوانیوە یەکێ لە هەزارگرێ‌کۆیرەی ژیان لە رێگای بزاوی کۆمەلایەتی، هاو نەوعانی خۆیان، بکەنەوە (بروانە ژیناوەری رانایانی کورد لە جیهانی ئیسلامەتی بە نوسینگی محەمەد صالح ئیبراهیمی (شەپۆل) چاپی

Dr.Saleh Ebrahimi



۱۳٦۴ هەتاوی، تاران، چاپخانەی مەهارەت)

بەڵام مەولانا خالید کەرێبازی نەخشبەندی گرتبووە بەر بەبیرو هەزرێکی نوێ بۆکوردایەتی هاتبووە مەیدان، هەروەک چلۆن پێغەمبەری مەزنی ئیسلام لە شاری مەدینە بەردی بناغەی حوکومەتی ئیسلامی دانا، مەولانا خالیدیش دەیویست بنچینەی دەوڵەتی کوردی لە شاری سلێمانی دابمەزرێنێ، پێغەمبەر کەسانێ وەک عومەر و ئەبوبەکر و یارانی صوفەوسەکۆی لەگەڵ بووەو مەولانا خالید شارەزوری کەسانێ وەک عەللامە مەلا یەحیا مزوری، عەللامە مەلا قەسیم مەردوخی، سەید فەسیح حەیدەری، ئەبوخەیر دیار بەکری، عەللامە مەلا رەحمان رۆژبەیانی، سەید عەبدوللا، حەیدەری ماوەرانی، سەید عەلی بەرزنجی، شێخ مەلا تاها جزیری، مەلا محەمەد هەولیری، مەلا عەبدوللا ئامێدی، شێخ ئیسماعیل ئەنارانی، مەلا عەبدوللا حەلی‌کۆێ، مەلا عەبدوللا ئامێدی، ـ مەولانا خالید خەلیفە و نوینەری، لەمسیر، شام، کوردستان، لە قودس، بەغا، هەولێر، جزیر و بۆتان، دیار بەکر، مەککە، مەدینە، ئیزمیر، کەرکوک،عیمادی، شێخانی نەهری، بیارە، ئەوە یەکە ریچ دەنوسێ زیاتر لە ۱۲ هەزار مریدی هەیە و پاشالە خزمەت مەولانا خالید بەپێوە دەسەو نەزر، رادەوەستا (کورد، عەرەب، تورک، سیسیل، جی، ئیدموندز پەرەی ۱۴ تەرجەمە ئیبراهیم یونسی چاپی ۱۳٦۷ تاران، دانیشمەندانی کورد، تەرجەمەی دەس و قەلەم جوان و خەت خۆش ئەحمەد حەواری نەسەب چاپی رۆژنامە ئیتلاعات ۱۳٦۹ تاران). مەولانا خالید فێرگە و فێرانکۆی کوردایەتی دامەزراند و بەرەسمی زمانی کوردی بە حوکومەتی عوسمانی ناساند. خوێنەرانی بەرێز ئیمام شافیعی دەڵێ «العلم نقطه تزداد بتلاحق الافکار» منیش بە باوەرو بۆچونی خۆم هەندێ بیروهزری تازەم لەسەر بیروڕای ئەو نوسەرانە، زیادکردوە کەلە بابەت مەولانا خالید، شارەزوری قەڵەمیان گێراوە (شەپۆل) ۲۱ ئۆکتۆبری ۲۰۰۷ ز ـ و ۲۹ رەزبەری ۲۷۰۷ کوردی، تاران.

ئەمەیش چەن پارچە شیعری کوردی مەولانا خالید شارەزوری:

Dr.Saleh Ebrahimi



## ئەمەش شیعریک لە مەولانا خالد

دور لە روت هێندە موتەووەل بو شەوی هیجرانی تـار		موختە سەر زور دەست درێـژی کـردوە زولفـەینی تو
چاوی بیمارت کە ئەروانی «شیفا» یـە بو نـەخوش (١)		«بوعەلی» ئەم «حکمةالعین» ەی نییە وەک عەینی تو. (٢)
رومـەتت ئـاوی دلارامـی هـەوای تـەر کـردوە		تا لە سەر کولمت دەری خست شیوەیی قەوسەینی تو (٣)
بێـتو «خـالد» شـەرحـی ئـەو ئـەبرو مشکـینە بکـا		«قاب قوسین»ە مـەتافی روحـی بو سـەهمەینی تـو (٤)

### هونە:

وە ئەو دال نـەکـەم وە ئـەودال نـەکـەم		تاکەی خوم چون قەیس وە ئەودال نەکەم
بـازوی دەرویشـیم پر خـرخـال نـەکـەم		پو شاکێ جە لونگ شا دەسمال نـەکـەم
چەنی دەیری یان مـال بـە چول نـەکـەم		تەحصیل، روزی بـە کـە شکول نـەکـەم
فەناییم بە خـاک سـەحرای بـەر نـەکـەم		بـەکـانی و سێلاو دیـدەم تـەر نـەکـەم
بێخ ریشەی نەخل زەوقـم پـەی نـەکـەم		چار گوشەی جیهان بە سکەن تەن نەکـەم
پەرێ بەخت وێم خاک وەسەر نـەکـەم		یامەن هوو پەی سـەد سکـەندەر نـەکـەم
جەقەومو عەشرەت خـوم بێـزار نـەکـەم		عەزم وە ئەی کـابلو قـەندەهار نـەکـەم
(خالد) بێ! رەفیق، روژ وە شەو نـەکـەم		چون قاف ئاوان، تەرک، خەو، نەکەم (٥)

---

(١) ئاماژەیە بو کتێبی شفای بوعەلی‌سینا لە مـەنتیق، ئـیلاهیاتو تـەبیعی‌یات، وە گـرینگترین کـتێـبە لە فـەلسەفەی ئیسلامی داو لە حیکمەت‌دا، ئەو پلەی هەیە کە قانون لە پزیشکی‌دا هەیەتی‌و زوری شەرح لەسەر نوسراوە کە لەهەموان پەرە دارتر شەرحی سەدرەدین شیرازی‌یە.

(٢) مەبەست لە بوعەلی کوری سینایەو (حکمةالعین)یش لە فەلسەفەو پزیشکی‌دایە نوسراوی بوعەلی سینایە

(٣) یانی تا لە سەر کولمت کولکە زیرینە: قەوسو قەزەحو بەلکە زیرینە لە شیوەی برویی کەوانت ساز بدەن

(٤) قاب قوسین: ژێی کەوان، مەتاف: جیێ توافو سورانەوە یانی ئەگەر بێتو خالد دەم لە شەرحـی بـروی رەشـی بون خوشت بدا ئەبێ بە ئەندازەی دوری ژێی کەوانێک، وەکو پەروانە بە دەوری رومەتت‌دا بسورێتەوەو روحیشی بکاتە نیشانە بو تیری موژکانت قاب قوسین: ئاماژەیە بو میعراجی رەسولی خوا لەشەوی ئیسرا ـ بروانە کتێبی روحی مەولانا خالد، هی پیرە مێرد. پەرەی ٩١ تا ٩٠ چاپی ١٩٨٧ چاپخانەی زەمان بەغا ـ

(٥) یادی مەردان ج ١ پەرەی ٦٢٢ چاپی ١٩٧٩ چاپخانەی کوری زانیاری کورد.

Dr.Saleh Ebrahimi